
# گرفتی پەنابەران لەسەر هەردوو ئاستی عیراق و جیهان



به هۆی بەردەوام بەرزبوونەوەی ژمارەی پەنابەران لەسەر ئاستی جیهان، ئاماژەو نیشانەکان هێمادەرن بۆ ڕووداوێکی زۆر مەترسیدار، لەو ئاماژانەشدا بە بەردەوامی جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەو زەمینەسازدەرو پاڵنەرانەی هاندەری سەرەکی دەربەدەریی و پەناهەندەیی خەڵکانێکن لەم جیهانەدا کە لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکرێنەوە:

جەنگە هەرێمیەکان، ململانێ ناوخۆییەکان، ململانێ لەسەر ئینتیما بۆ نەتەوەو ئایین و مەزەب، ململانێی سیاسیی و ڕاوەدونان، هەڵکشانی هێزە توندڕۆ ئیسلامیە لۆکاڵیی و هەرێمیەکان، کۆچکردن و پەناهەندەیی ئابووری بەهۆی برسێتی و بێکارییەوە، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواو ئاریشەکانی تایبەت بە ژینگەو تەندروستی، کێشەکانی سنوورو ئاریشەی ئاو.

لەسەر ئاستی جیهان، بە پێی ئامارەکانی دەزگا پێوەندارەکانی تایبەت بە پەنابەران، لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە ٥٦,٧ملیۆن کەس بوونەتە پەنابەرو کۆچکردوو، چ لە ناو سنووری جیۆگرافی وڵاتانی خۆیاندا، یان لە ناو وڵاتانی بێگانەدا، ئەوانەی بە خێزانەوە دەربەدەربوون، ژمارەیەکی زۆری منداڵیان تێدایە، ئەو منداڵانە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و دواکەوتنیان لە خوێندن بۆ دروست بووە، ساڵی ٢٠١١ لەسەر ئاستی جیهان١٥,٠٩ ملیۆن کەس ناچار کراون بە ڕاکردن و جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونیان، هەر لە ناو خودی وڵاتانی کە تێیدا



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی



دەژین، هەروەها ٣,٠٦ملیۆن کەسیش ناچارکراون یان بە هۆی گەڕانەوەی ئارامی بۆ وڵاتەکانیان بە ئارەزووی خۆیان گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکانیان پاش ئەوەی پەنابەری دەرەکیی بوون، لە کۆی ٣٣,٨٥ ملیۆن کەس کە پەنابەری دەرەکی بوون، بە تەنیا ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی پەنابەران گەیشتۆتە ٥,٥ملیۆن کەس، ئەوەش بەرزترین ژمارەیەکە لەوەتەی پەناهەندەیی لە مێژوودا بوونی هەیە، ئەم دیاردەیە بووەتە جێی نیگەرانی و پێوەندی ڕاستەوخۆشی بەو گرفتانەوە هەیە کە لەم دواییانەدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیش وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە.

بەهۆی ئەم پەناهەندەییە ناڕێکخراوە و بەستنەوەی بە هەوڵەکانی بە نایاسایی پەڕاندنەوەیان لە دەریای ناوەڕاستەوە بەرەو ئەوروپا لە ڕێی قاچاغچییەکانی ئەو بوارەوە، ئەو قاچاغچییانەی قۆڵی هەزاران و ئەو کەسانە دەبڕن کە هەرچییان لە ژیاندا بۆ ماپێتەوە دەیخەنە دەستیانەوەو بە بەلەم و کەشتی شەق و شڕ بەرەو ئەوروپا بەڕێ دەکرێن، بەو شێوازەی پەڕینەوە، تەنیا ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە سێ هەزار کەس دەرخواردی نەهەنگەکانی ئەو دەریایە دراونە، لە ماوەی شەست ڕۆژی ڕابردووشدا ژیانی نزیکەی سێ هەزار کەسی تر ڕزگارکراون کە لە ناوەندی دەریا بۆ چارەنووسی نادیار بەجێهێڵرابوون، ئاماری ورد بۆ ئەوانەی تا ئێستا لەو دەریایەدا خنکاون بوونی نییە، وەك چۆن ئامارێك دەربارەی ئەو مردووانەش بوونی نییە کە لە ناو لۆری بارهەڵگرەکان یان لە ناو فارگۆنی شەمەنەفەری گواستنەوەی کەلوپەلدا خنکاون و دواتر بە نهێنی لێرەو لەوێ نێژراون، زۆربەی ڕاکردووان هەوڵ بۆ گەیشتن بە وڵاتانی ئەوروپا دەدەن، تا بگەنە زۆنی ئازادی و بۆ پاروەە نانێك دەستیان لە کارێك گیر بێت، تا خۆیان و پاشتریش پارە بنێرنەوە تا خێزانەکانیان لە وڵاتانی تێیدا دەژین پێ بژێنن و دواتر دەرفەتێك پێکبهێنن بۆ کۆکردنەوەیان لە ئەوروپادا، لە لایەن پۆلیسەوە بە سەدان تەرم لە ناو دەریادا دەدۆزرێنەوەو لە قەبرستانەکانی کەنارەکانی ئەوروپا دەنێژرێن و کەسوکاریشیان ئاگاداری شوێنی ناشتنیان نابن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێچارەیە لە بەرانبەر ئەم هەموو پەناهەندەیەی لە جیهانی سێیەمەوە بە تایبەتیش لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفەریقاوە بە شەپۆل هەڵدەقوڵێن، بێجگە لەو کۆچکردنانەی لە ئەمەریکای خوارووە بەرەو ئەمەریکاو کەنەدا و ئەوروپا ڕەو دەکەن، بەهۆی هەژاری و نەداری و بێکاری یان بەهۆی ململانێی نێوان تاقمەکانی مافیاوە کۆچ دروست بوون، ژمارەی دانیشتووانی جیهان ئەمساڵ گەیشتە حەوت ملیارو دوو سەد هەزار کەس، یەك ملیار کەسیان ڕۆژانە داهاتیان شتێك لە دۆلارێك زیاترە، واتا بە ڕێژەی١٣,٩٪ی کۆی دانیشتووانی جیهان ئەمە حاڵیانە، گەرچی ئەم ڕێژەیە لە لایەن بانکە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە داراییەکانەوە لە قەبارەی خۆی لەبەرهۆکارگەلی زۆر بچوکترکراوەتەوە، لە هیندستان و ئەفەریقاو هەندێ وڵاتی ئاسیاوی خەڵکانێك لە پێناوی مانەوەی ژیانیان و ڕزگاربوون لە نەهامەتی ناو وڵاتەکانیان ڕوو لە وڵاتانی خۆرئاوایی دەکەن، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم دروستبوونی نەهامەتیانە لەو وڵاتانەدا، بەکارهێنانی قۆرخکاری نێودەوڵەتییە لە بەرانبەر وڵاتانی هەژار، کە گەندەڵکاری دارایی تەشەنەی تێدا سەندون، یان بە هۆی سیاسەتی هەڵەی پەرەپێدان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە ڕۆڵێکی دیاریان هەیە بۆ چەوسانەوەو نەمانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دواجار هەموان پەلکێشی ململانێی چینایەتی دەکات، لە دەرئەنجامیشدا بەرەو هەڵگیرساندنی جەنگ و ستەمکاری کۆمەڵایەتی.

ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست مۆدێلی هەمەجۆرو هۆکارگەلی هاوشێوەی زۆری تێدایە بۆ خستنەڕووی ئەم کێشەیە، بەڵام سوریاو عێراق سامناکترین دوو نموونەن بۆ جیهان لەم بارەیەوە، لێرەدا باسی عێراق دەکەین.

بە کۆمەڵ کۆچکردن لە عیراقەوە بەرەو وڵاتانی تر، پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دەستی پێکرد، کاتێ هەواداران و لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی بە خێزانەکانیانەوە پەڕاگەندەی هەندەران کران، پاش کودەتاکەی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ئەم دیاردەی پەڕاگەندەبوونە زیاتر بوو تا هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئێران وعیراق و دواتریش گەمارۆی ئابووری و ستەمی سیاسەتی ڕژێمی بەعسیی و کەوتنەوەی بێکاری و تەشەنەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی تاد، هەمووی وایان کرد ژمارەی عێراقیەکانی کۆچیان کردبوو بەرەو دەرەوەی وڵاتی خۆیان و لە وڵاتانی دەوروبەرو ئەوروپا و ئەمەریکاو بەریتانیا گیرسابوونەوە تا ساڵی ٢٠٠٢ بگاتە نزیکەی سێ ملیۆن و نیو، پاش ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت لە ساڵی ٢٠٠٣ چاوەڕوانی کۆچی پێچەوانە دەکرا تا ئەو خەڵکە پەناهەندانە بگەڕێنەوە وڵاتانی خۆیان، بەڵام بەهۆی تایەفەگەری و موحاسەسەو دەستپێکردنی ململانێی ئاینی و مەزهەبی و دروستبوونی میلیشیای چەکدارو تێکەڵبوونی چالاکییەکان بە کردەوە تیرۆریستیەکانی قاعیدەو داعش، شەپۆلێکی تری کۆچکردن بە تایبەتی لە نێوان مەسیحیەکان و سابیئەی مەندائی لە بەشەکانی تری عێراقەوە بەرەو کوردستان تەشەنەی سەند، لەوێوەش بەردەوام هەوڵدانیان بەرەو دەرەوە، تیرۆرکاری لە تەقینەوەی ئۆتۆمبێل و خۆکوژی و کوشتنی تێپەڕاند بۆ هەڕەشەکردن لە هەزاران خێزانی دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکان، تا گەیشتنە ئەو حاڵەتەی خانوو و ماڵیان بەجێبهێڵن و ڕوو لە کوردستان بکەن، لەبەر ئەوە ژمارەی پەنابەرو دەرکراوان

**لە کۆی ٣٣,٨٥ ملیۆن کەس کە پەنابەری دەرەکی بوون، بە تەنیا ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی پەنابەران ٥,٥ملیۆن کەس بووە، ئەوەش بەرزترین ژمارەیە لەوەتەی پەناهەندەیی لە مێژوودا بوونی هەیە، ئەم دیاردەیە بووەتە جێی نیگەرانی و پێوەندی ڕاستەوخۆشی بەو گرفتانەوە هەیە کە لەم دواییانەدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیش وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە**

**خەڵکی ڕومادی بە دڵێکی بێ بەزەییانەی حکومەتی ناوەندی عیراقەوە لە بەغدا وەرنەگیران و بە هەنجەتی نەهاتنە ژوورەوەی تیرۆریستان لە ناویاندا بۆ ناو بەغدا، بۆیە دەستە دەستە بەرەو هەرێمی کوردستان بە فڕۆکە ڕەوانەیان دەکەن**

**لە لایەن پۆلیسەوە بە سەدان تەرم لە ناو دەریادا دەدۆزرێنەوەو لە قەبرستانەکانی کەنارەکانی ئەوروپا دەنێژرێن و کەسوکاریشیان ئاگاداری شوێنی ناشتنیان نابن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێچارەیە لە بەرانبەر ئەم هەموو پەناهەندەیەی لە جیهانی سێیەمەوە بە تایبەتیش لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفەریقاوە بە شەپۆل هەڵدەقوڵێن**

تاساڵی ٢٠١٤ لە پێنج ملیۆن کەس نزیك بووەتەوە، پاشتر دەیان هەزار خێزانی تر لە ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك و کاکەیی و تورکمان و خەڵکی سقیلی موسڵ و فەلوجەو ڕومادی و تکریت بەهۆی کردەوە تیرۆریستیەکانی داعشەوە گەیشتنە هەرێمی کوردستان و بەغداو کەربەلاو بەسرە، نزیکەی هەشتا هەزار لەوانە گەیشتونەتە دەرەوەی وڵات و بە سەدان هەزاری تریان نیشتەجێی دهۆك و هەولێر و سلێمانی بوون، لەم دواییەشدا خەڵکی ڕومادی بە دڵێکی بێ بەزەییانەی حکومەتی ناوەندی عیراقەوە لە بەغدا وەرنەگیران و بە هەنجەتی نەهاتنە ژوورەوەی تیرۆریستان لە ناویاندا بۆ ناو بەغدا، بۆیە دەستە دەستە بەرەو هەرێمی کوردستان بە فرۆکە ڕەوانەیان دەکەن.

ئەو عیراقیانەی لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکاو ئوسترالیاو هەندێ وڵاتی تری ئاسیاویی بەتایبەتی لە ئەردەن گیرساونەتەوە بە پێنج ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن، هێزە ئیسلامیە پەڕگیرو تەکفیریەکان پەنایان بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق هێناوە، هاوکات هەرێمی کوردستان بە هاریکاری هێزی پێشمەرگەی خۆیی و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی پشتی بەرگریکارانی کۆبانێیان گرت تا بەسەر هێزێکی زەبەلاحی تیرۆریستانی داعشدا سەرکەوتن و لە کۆبانێ دەریانپەڕاندن، بەرپرسیاری یەکەم لەم نەهامەتیانەی ڕوودەدەن بە پلەی یەکەم نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیە کە کەمتەرخەمن و بە ئەرکی خۆیان هەڵناسن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کردارەکیانەی کێشە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەی ژینگەیی و کۆمەڵایەتیە نێودەوڵەتیەکان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی ستراتیژی ڕوونیان نییە لە بەرانبەر تیرۆری نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان سزا ناسەپێنێ بەسەر ئەو دەوڵەتانەی بە ئاشکراو بە نهێنی پارەو چەك و هاریکاری لۆجیستی بۆ تیرۆریستان ڕەوانە دەکەن، ئەم نەهامەتی و مەرگەساتانە



تەنیا هۆکاری ڕاکردن لە عیراق تیرۆر نەبووە، بەڵکو بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاریی لە وڵاتێکی دەوڵەمەند بە نەوت کە گەشەسەندنی ئابووری و داهێنانی تێدا نەماوە.

زۆربەی هەڵهاتووان کە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە لەو خەڵکانەن کە لەتاو ستەمی وەحشیانەی داعش و تیرۆرکاری میلیشیا شیعی و سوننەکان لە ناوچەکانی تری عیراقەوە ڕایان کردووە، لە ناو ئەوانەشدا لە شیعەو سوننە و سابیئەو مەسیحیشی تێدایە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی گرانی کەوتۆتە ئەستۆ بۆ جێکردنەوەیان، هاوکارییە نێودەوڵەتیەکانیش سنووردارە، بایەخدانی حکومەتی ناوەندیش بەم ئاریشەیە زۆرلاوازەو لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نییە، موعاناتی زۆر خراوەتە سەر دانیشتوانی ئەو سێ شارەی هەرێم کە لە پاڵ ئەو هەموو عیراقیەی پەنایان بۆ ئەو شارانە بردووە زیاتر لە چارەکە ملیۆنێك کوردی سووریاش لەبەر کردەوە تیرۆریستیەکانی زیاتر دەبن لە جیهاندا ئەگەر ڕێگەچارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کێشەکانی ناو عیراق نەدۆزرێنەوە، ئەویش بە قورتاربوون لە ڕژێمی سیاسی تایەفەگەرو جیاکارێتی ئاینی و مەزهەبی و تەشەنەسەندنی گەندەڵی لە ناو هەموو جومگەکانی حکومی و وەدیهاتنی ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی بەرپرسیارانە، هەروەها هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان و پێگە چەکدارییەکانی تر کە لە دەرەوەی یاسادا پێکهاتون، چ شیعەکان یان سوننیەکان، گرفتەکانی عیراق زیاتر دەبن بەهۆی زیاتربوونی ململانێ و بەهۆی جڵەوگیربوونی دەسەڵات لە لایەن ماڵی شیعیی و ڕازی نەبوون بە دەسەڵات لە لایەن هێزە نەتەوەییەکانی ترو سوننەکانی وڵاتەوە، ڕژێمی سیاسی ئێستای عیراق لەسەر میتۆدێکی تایەفەگەریی بەڕێوە دەچێت و هەمیشە دژایەتی ئاینەکانی تری ناو عیراق ئەنجام دەدرێت، تەنانەت جیاکارێتی کەوتۆتە ناوخۆی لایەنگرانی مەزهەبێکیش، بەمەش مەترسی تەقینەوەی زیاتری دۆخەکە بەردەوام لە ئارادا هەیە..